## مێژووی شیعر و شاعیرکانمان

ئامانجی من له دامەزراندنی باسی شاعیرەکانی شار و ناوچەی بۆکان، ناساندنی هەندێک شاعیری کەمتر ناسراو یا نەناسراو وگەڕان بە شوێن سەرچاوه لەمەڕ شاعیره ناسراوەکانی ناوچه بوو. له درێژەی کارەکەدا، هەستم کرد ئەوە کارێکی گەوره و گرانه و بشووی درێژی دەوێت و واهەیه ئەم زنجیرە وتارانه له چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی دەربهێنێت. هۆکاری مەسەلەکەش روونه: شیعر هەمەگیرترین هونەری کورده و دۆزینەوەی سەدان و واهەیه هەزاران شاعیری ناوچەکه پێویستی به کارێکی سەربەخۆ و کتێبێکی تایبەت هەیه. لام وایه کاری مامۆستایان ئیبراهیم ئەفخەمی، بابا مەردوخی رۆحانی و محەمەد سالح ئیبراهیمی بەسەر یەکەوە روخسارێکی گشتی له ناو و ژیانی هەندێک لەو شاعیرانەمان ئاراسته بکات. من لێرەدا ئاماژەیەک به هەندێ ناو دەکەم و پاشان هەوڵ دەدەم چوارچێوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی دادێ دابڕێژم.

- بنەماڵەی قزڵجی و مەلایانی تورجان، وەک مەلا محەمەد حەسەن (وەجدی)، مەلا محەمەد سادق، مەلا سەعید (حافدی)، مەلا محەمەد (وەجدی)، مەلا محەمەد حسین، مەلا ئەحمەد تورجانی زاده، سەید عەزیز سیادەت و ...

- بنەماڵەی هاشمی و ئیمامی، وەک سەید عەبدولحکیم، سید محەمەد، سید کامیل (ئاوات) و...

- شاعیرانی ئاڵقەی خانەقای بورهان، وەک سەیفولقوزات، میسباح، عەلی بەگی حەیدەری، عومەر ئاغای عەبباسی، تەنانەت هێمن و هەژار (با لەوێش له دایک نەبووبن)، شێخ محەمەدی کوڕی شێخی بورهان و ... واهەیه "هێدی" یش لەم ئاڵقەیەدا بگونجێت.

- شاعیرانی کۆکه : مەلا مارف، خاڵه مین، حەقیقی

- شێخ بابا

- شاعیرانی ناوچەی چۆمی مەجیدخان و عەمبار و حەمامیان، مەلا شەفیع، مەلا عیسام الددین، مەلا ئەبووبەکری شەفیعی، مەلا ئەمجەد عوسمانی (کاک)، مەلا بابه وەیسی عوسمانی، "سیدقی"یه کان (مەلا سدیق و مەحموود سیدقی)

- شاعیرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، به ئاغاوات و مەلا و خوێندەوارەوە، که ژمارەیان گەلێک زۆره

- مەلا کەریم شاریکەندی میرزا ئەسەدوڵڵا غوڵامعەلی، مەلا هادی ئەفخەم زادە، ئیبراهیم ئەفخەمی و . . . . . . .

- شاعیرانی نوێخواز وەک سوارە، وەفا و . . . . . . .

ئەوانەی سەرەوە، تەنیا نموونەیەکن لە ژمارەی زۆری شاعیران لە ناوچەی بۆکان کە تە نیا بە یارمەتی کتێبی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەفخەمی ئەم لیستەیەم لێ پێک هێنان، جا ئەگەر لیستەیەک لە شاعیرانی ئەمڕۆ پێک بێت و ژیننامەیان بۆ بنووسرێت ئاشکرایە کارێکی گەورە و گران دەبێت، بەڵام کارێکی ئەوتۆ لە تاقەتی ئەم زنجیرە وتارەدا نییە.

بە بۆچوونی من بۆ دەرهێنانی ناوی هەموو شاعیرانی ناوچەی بۆکان لە تەم توومانی مێژوو، دەبێ گەڵاڵەیەکی روونمان هەبێت و کەسانێکی واش، کە هەوڵی نووسینی مێژووی شیعر لە بۆکان بدەن و هۆکارەکانی گەشەی ئەو هونەرە لە بۆکان و دەوروبەر بخەنە بەر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە. پاشان مێژووەکە بە گوێرەی بابەت بەسەر چەند قوتابخانەی تایبەتدا دابەش بکەن و هەرکام لە شیعرەکان بخەنە ئەو چوارچێوە هونەری – مێژووییەوە و لە لایەنی ئەدەبی و زمانەوانی کارەکانیان بکۆڵنەوە، لە ئەنجامدا بۆکان دە بێتە خاوەنی مێژوویەکی نووسراوی زانستی لەمەڕ شاعیرەکانی، کە تێیدا شێوازی جیاجیای ئەو مێژووە دیاری کرابێت.

بە دیاری کردنی شێوازەکان، ئیتر هاسان دەبێت ناوی شاعیرەکان – بە گوێرەی تایبەتمەندیی بەرهەم، لە بازنەی شێوازەکان دا بنووسرێن. قۆناغی دوایی کارەکە دەبێ هەڵگرتنی شوێنی تەئسیر و کارتێکەریی شاعیرانی دیکەی کورد یا بێگانە بێت لەسەر شاعیرەکان و بۆ نموونە، دەبێ کارتێکەریی شاعیرانی شێوازی هیندی شیعری فارسی لەسەر میسباحوددیوانی ئەدەب، یا خود تەئسیری لاهووتی کرماشانی لەسەر ئاوات و شوێنی فروغ و شاملو لەسەر سوارە، و ... دەست نیشان بکرێت.

ئەوانەی سەرەوە، تەنیا شاعیرانی "کلاسیک" و "نوێخواز"ن و شیعری بەیت و شێوەکانی دیکەی شیعری فۆلکلۆری و زارەکی لە ناوچەکەش دەبێ بایەخی خۆیان پێ بدرێت. بەداخەوە لەم بوارەدا کاری کەم کراوە و واهەیە دەوری بۆکان لەم مێژووە گرنگەدا کەم بنوێنێت، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی جیددی باسەکە دوور نییە بمانگەیێنێتە مێژوویەکی دەوڵەمەندتر. بۆ نموونە بەیتی "عەزیمە" هی ناوچەی فەیزوڵڵابەگییە و هەر ئەو بەیتە دەری دەخات کە لەوێش بەیت وێژ و "بەیت ساز" مان بوە بەڵام ناویان تۆمار نەکراوە :

"عەزیمە مەرد ورەندە،

سەرکۆڵمەی دەڵێی قەندە

نێوبانگی عەزیمە لە ئێران و دەربەندە ...

قەوماوە، قەوماوە،

لە برایم خان قەوماوە ..."

کە من نزیکەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا بیستوومە بەڵام ناوی بەیت وێژەکەی نازانم.

بە کورتی، مێژووی شیعری بۆکان ناتەواو دەبێت ئەگەر مێژووی بەیت و بەند نەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی و ناوی کەسانی وەک نهمر "حەمە جان" لە ژووریەوە نەنووسرابێت.